# تاقیکردنەوەی نەتەوەیی لەناو خویندنی ئامدەییدا

سڵاو!
تۆبەتە مایت بەم زوانە تاقیکردنەوەی نەتەوەیی لە یەکیک یان چەند دانەیەک لە بابەتەکانی ئینگلیزی، بیرکاری، سویدی یان سویدی وەک زمانی دووهەم بکەیت. جا پەیوەست بەوەی تۆ دوای کام پرۆگرام ئەکەویت ئەوا تۆ لە ماوەی خویندنی ئامادەییتا یەک یان چەند دانەیەک تاقیکردنەوەی نەتەوەیی لە هەر بابەتیکدا ئەکەیت.

مەبەست لە تاقیکردنەوەکە ئەوەیە کە یارمەتی مامۆستاکە بدریت کە هەلسەنگاندن لەبارەی ئەوەوە بکات کە تۆ چۆن لە پێوەری نمرەکانی پالنی بابەتەکاندا سەرکەوتووبویت. تاقیکردنەوەکان ئەبیت کۆمەک بە هەلسەنگاندنی زانستیی خویندکارەکان هاوبەها بیت.

ناوەرۆکی پالنی بابەتەکانی کۆرسەکان و بابەتە جیاوازەکان ئەبێتە بناخەی تاقیکردنەوەی کۆرسەکان هەم لە شێوەکاریی پرسیارەکان و هەم لە هەڵسەنگاندنەکەیاندا. هەمو خوێندکارێک ئەبێت دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە هەتا لە توانادابێت ئەوەندە زۆر لە زانستەکانی خۆی نیشان بدات. ناکرێت هەموو شتەکان لە تاقیکردنەوەی تایبەتیدا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئەنجامی تۆ لە تاقیکردنەوە نەتەوەییەکەدا بەشێکە لەو هەڵسەنگاندنە کۆکراوەیەی کە گەیاندەرە بە بڕوانامە لە کۆرسەکەدا. تاقیکرنەوە نەتەوەییەکە بەشێکی گرنگە پێش بڕووانامە دانانەکە، بەڵم مامۆستاکە ئەبێت هەڵسەنگاندنی تەواوەتی زانستەکانی تۆ لەهەریەک بابەتیکدا بکات.

## ئینگلیزی
پەیوەست بەوەی کە تۆ دوای چ پرۆگرامیک ئەکەویت ئەوا تۆ لەماوەی خویندنە ئامادەییەکەتدا تەنها تاقیکردنەوەی ئینگلیزی ٥ یاخود ئینگلیزی ٥ و ٦ پیادەئەکەیت. تاقیکردنەوەی ئینگلیزی لە چەند بەشێک پێکهاتوە کە دانوستەندنی بەدەمی و بەنووسین لەگەڵ تێگەیشتنی بیستراو بەتاقی ئەکاتەوە. بۆ بەشی نووسین لە ئینگلیزی ٦ کەرەستەی ئامادەکاری هەیە کە تۆ ئەبێت پێش دەرفەتی تاقیکردنەوەکە کاری لەگەڵدا بکەیت. بەڵم تۆ کەرەستەی ئامادەکاریت لە ڕێکەوتی تاقیکردنەوەکەدا لەبەردەستا نابێت.

## سویدی و سویدی وەک زمانی دووهەم
پەیوەست بەوەی کە تۆ دوای چ پرۆگرامیک ئەکەویت ئەوا تۆ لەماوەی خویندنە ئامادەییەکەتدا تەنها تاقیکردنەوەی کۆرسی ١ یان کۆرسی ١ و ٣ دا ئەکەیت.

تاقیکردنەوەی سویدی ١ سویدی وەک زمانی دووهەم ١ بەشە تاقیکردنەوەیەکی بەدەمین، بەشە تاقیکردنەوەیەک لە بەشە تاقیکردنەوەی بەدەمی و بەنووسینی تێدایە.

تاقیکردنەوەی سویدی ٣ و سویدی وەک زمانی دووهەم ٣ دوو .خوێندنەوەدا و بەشە تاقیکردنەوەیەکی لە نووسیندا تێدایە.

بۆ هەردوو تاقیکردنەوەکان بناخەی کۆپیکردن هەیە کە باس لەوە ئەکات کە تاقیکردنەوەکان چۆن سازکراون و ئایا چی لەتۆ وەک خوێندکارێک چاوەڕوان ئەکرێت.

## ماتماتیک
پەیوەست بەوەی کە تۆ دوای چ پرۆگرامیک ئەکەویت ئەوا تۆ لەماوەی خویندنە ئامادەییەکەتدا تتاقیکردنەوە لە یەک یان چەند کۆرسێکا ئەکەیت. تاقیکردنەوەی کۆرسەکان.لەچەند بەشێک پێکدێت کە مرۆڤ لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکەدا سیان لەمانە پیادەئەکات(جێبەجێ ئەکات) جا بەبێ یان لەگەڵ کەرەستەی یارمەتی دیجیتاڵ. پشوویەکی درێژتر بە نانخواردنی نیوەڕۆوە لە نێوان دوو لە بەشە تاقیکردنەوەکان پێنیار ئەکرێت.

## تۆ زانیاریی زیاتر لە مامۆستاکەت وەرئەگریت
تۆ زانیاریی لەسەر ڕێکەوتی تاقیکردنەوەکە، هەڵسەنگاندن و شتی دیکە لەهەریەک لە مامۆستایانی کۆرسەکەت وەرئەگریت.

دەزگای دەوڵەتی خوێندنگاکان بەرپرسێتی هەمو تاقیکردنەوە نەتەوەییەکان هەی، بەاڵم تاقیکردنەوەکان لەالیەن زانکۆی لێکجیاوە شێوەدانانی بۆ ئەکرێت. پرسیارەکانی ناو تاقیکردنەوەکان لەالیەن زۆر خوێندنگا جیاوازەکاندا لە دەوروبەری واڵتدا بەتاقی کراوەتەوە. خوێندکاران و مامۆستایان بیر و بۆچوونەکانیان خستۆتەپێش و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان کاری لەگەڵدا کراوە و بەوردی گفتوگۆیان لەسەرکراوە پێش ئەوەی تاقیکردنەوەکە بخرێتە بەردەستی تۆ.بێمە هیوادارین کە تۆ پێتوابێت کە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان باشن و کە ئەوان دەرفەتت ئەدەنێ کە زانستەکانی خۆت لە بابەتە جیاوازەکاندا نیشان بدەیت.

**کەسانی پەیوەندییکار لە دەزگای خوێندنگاکان**

nationellaprov@skolverket.se

Skolverket